## ئەمڕۆ24. 04 ڕوحیانەتی جینۆساید کراوانی ئەرمەن و کورد ئاوێزانی یەک بوون



بۆ بەرز ڕاگرتنی ساڵڕۆژی جینۆساید کراوانی؛

ئەرمەن لە 24. 04. 1915،

یەکەم زانکۆی کوردستان لە 24. 04. 1974 لە قەڵادزێ

خالید ئەحمەد ئاسنگەر و سەرکەوت مەولود، چەپکە گوڵی کەس و کاری شەهیدان و قوربانیانی  قەڵادزێ و جینۆسایدکراوانی کوردستانیان، پێش کەش بەڕێز دکتۆرە سوزان سەرۆک و بەڕیز گاگیک ستیپام سەرکیسیۆم جێگری ئەنیستوتی ئەرمەن لە لەندەن کرا، بۆ ئەوەی بیگەیەنە کەس و کاری جینۆساید کراوانی ئەرمەن.

[http://montreal.ctv.ca/servlet/an/local/CTVNews/20120424/mtl_newsmaker_armenia_120424/20120424/?hub=MontrealHome](http://montreal.ctv.ca/servlet/an/local/CTVNews/20120424/mtl_newsmaker_armenia_120424/20120424/?hub=MontrealHome)

لە دوای پێشوازیەکی گەرم، پەیامی خەڵکی جینۆساید کراوی کوردستان بە کەس و کاری جینۆساید کراوانی ئەرمەن ڕاگەیەندار، پێشنیاری بەیەکەوە بەرز ڕاگرتنی ساڵڕۆژی

24. 04 لە ئایندەدا کرا، هەروەها زۆر بەڕێزەوە بانگهێشت کران بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی 24. 04 قەڵادزێ لە لەندەن لە:

کاتژمێر: 15:00 تا 18:00، یەک شەممە، 29 ی ئەپڕیل 2012

CVA, London Road, CR0 2TB, Croydon

لە کۆتایدا هەر دوولا وەک وەفا و دڵسۆزی بۆ کەس وکاری ئەرمەن، کورد و گەلانی تری جینۆساید کراو لە جیهان، پەیمانی هاوکاری و بەیەکەوە کردن بەڕێگای مەدەنی و یاسایی دا.

سەربەرزی و نەمری بۆ شەهیدان و جینۆسایدکراوانی کورد، ئەرمەن و گەلانی تر لە جیهان

خالید ئەحمەد ئاسنگەر

لەندەن، 24. 04. 2012